# دەربارەی رۆمان و چیرۆك و نووسینەكانی ئەلبێر كامۆ ٧
















**لە ئینگلیزییەوە : شاسوار**

**ئەلبێر كامۆ Albert Camus :**

ئەلبێر كامۆ لە ساڵی (١٩١٣) لە جەزائیر لە دایكبووە، كاتێك خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرت لە ساڵی (١٩٥٧)دا لاوترین كەس بوو تا ئەو كاتەی ئەو خەڵاتەی پێ بەخشرا بێت.كامۆ فەیلەسوف و نووسەر بوو زۆربەی كارەكانی دەربارەی پووچگەرای و یاخیبوونی مرۆڤە بەرامبەر ئەو هەلومەرجەی تیایدا دەژیت. لە ساڵی (١٩٦٠) دا كاتێك بە رووداوی ئۆتۆمبێل كۆچیدوایی دەكات،رۆمانێكی ئۆتۆبایۆگرافی لە جانتاكەیدا دەدۆزرێتەوە كە دواتر بە ناوی " یەكەمین پیاو– The First Man" چاپ دەكرێت.

**كارەكانی ئەلبێر كامۆ :**

A– رۆمان:

١– نامۆ – The Stranger :

ئەم ڕۆمانە بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٤٢) چاپکرا و بەیەکەم ڕۆمانی کامۆ دادەنرێت، لەوانەیە باشترین کاری ئەو و دیارترین دەقی فەلسەفی سەدەی بیستەمیش بێت.
ئەم ڕۆمانە وەك یەکێك لە نمونە باڵاکانی بوونگەرایی سەیردەکرێت، لەهەمانکاتدا ئەم ڕۆمانە باس لە چەندین جۆر لە قوتابخانەی فیکری دەکات لەوانە: (پووچگەرایی، بێبڕوایی،ناچاری،هیچگەرای ی،بێباکی).لە ڕێگای کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە:(مێرسول) دەچینە ناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەوە،کاتێك مێرسول ،کە کەسێکی فەرەنسیە،ناعەقڵانیانە کەسێکی جەزائیری دەکوژێت.چیرۆکەکە دابەش بووە بۆ دوو قۆناغ: پێش تاوانەکەو پاش تاوانەکە.

٢- تاعون – The Plague :

ئەم ڕۆمانە بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٤٨) دا چاپکرا (٣) سال دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم.زۆر بە زوویی خوێنەران هەستیان بەوەکرد کە ئەم ڕۆمانە هێمایەکە بۆ سەردەمی داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن ئەلمانیاوە، لەماوەی (١٩٤٠-١٩٤٤) دا، کە ئەلمانیا فەرەنسای لە دنیای دەرەوە دابڕی بوو، بەهەمانشێوەی شاری ئۆرانی جەزائیری کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی تاعونەوە دەروازەکانی خۆی داخستبوو، بۆئەوەی لەشارەکانی دیکە دابڕێت، پێویستە ئەوەش بوترێت کە ئەم ڕۆمانە زیاد لەخوێندنەوەیەك لەخۆدەگرێت.
ڕۆمانەکە باس لە سروشتی مرۆڤ دەکات ، کاتێك دەبێت، نەخۆشی تاعون بڵاوبووەتەوە، سەدان کەس دەبنە قوربانی. مرۆڤەکان لەم بارودۆخەدا، پێویستە لەسەریان بڕیاربدەن، کە ئایا هەڵوێست وەردەگرن و ڕوویەرووی ئەم پەتایە دەبنەوە و هەرچیان لە دەستبێت دەیکەن بۆ ڕزگارکردنی شارەکەیان، یاخود خۆپەرست دەبن و بەدوای خۆش بەختی تاکەکەسی خۆیاندا دەگەڕێن.

٣- کەوتن– The Fall :

ئەم ڕۆمانە فەلسەفیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٥٦) دا چاپکرا، پێکدێت لە زنجیرەیەك مۆنۆلۆگی درامی.ڕۆمانەکە بریتیە لە دانپێدانەکانی پارێزەرێك لە سەرکەوتووترین کاتەکانییەوە بۆ ساتەوەختی کەوتنی، وەك هەرەسهێنانی مرۆڤ لە (باخەکانی عەدەن)ەوە.ڕۆمانەکە باس لە تاوان و ئازادی و بێمانایی بوونی مرۆڤ دەکات. کارەکتەری ڕۆمانەکە دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە ژیانی مرۆڤ هیچ نییە، جگەلەپووچی ، پاشان ڕاهاتن لەسەری.سارتەر پێیوایە ئەم کارە جوانترین و باشترین کاری کامۆیە.

٤- مردنێکی ئاسودە – A Happy Death :

یەکەم ڕۆمان بوو کە لەلایەن کامۆوە نووسرا ،بابەتی سەرەکی ئەم کتێبە بریتیە لە "هەبوونی ئیرادە بۆ خۆش بەختی" ، ئاگایی مرۆڤ بۆ بەدەست هێنانی ئاسوودەیی و ئەو کات و (پارە)یەی پێویستە بۆ بەدەستهێنانی.کامۆ ئەم کارەی لە ماوەی ساڵانی (١٩٣٦ و ١٩٣٨)دا نووسی، بەڵام بڕیاریدا بڵاوینەکاتەوە.ناوەڕۆکی سەرەکی ئەم کارە زۆر نزیکە لە ڕۆمانی (نامۆ) و بەنووسینی بەرایی ئەو ڕۆمانە دادەنرێت، ڕۆمانی مردنێکی ئاسودە دوای (دە)سال لە مەرگی کامۆ لە ساڵی (١٩٧١)دا چاپکرا.

٥- یەکەمین پیاو – The First Man :

ڕۆمانی دواهەمین و تەواو نەکراوی کامۆ.لە ساڵی (١٩٦٠) دا کاتێك لە تەمەنی چل و شەش ساڵیدا کۆچیدواییکرد لەدەرەوەی پاریس بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل، ئەم کارە بە تەواو نەکراوی لە ناو جانتاکەیدا دۆزرایەوە. کامۆ ئاواتەخواز بوو ئەم کارەی تەواوبکات و ببێتە باشترین کارە فەلسەفیەکانی.زۆربەی ڕەخنەگران بە باشترین کاری کامۆی دادەنێن، هەرچەندە تەواویش نەکراوە.لە ساڵی (١٩٩٥) ئەم ڕۆمانەبەچاپ گەیەنرا.

B- کورتە چیرۆك:

١- دەربەدەربوون و شانشین – Exile and the Kingdom :

بریتیە لە کۆمەڵێك کورتە چیرۆك کە لە ساڵی (١٩٥٧) دا چاپکراوە.ئەم کارە زۆربەی بیرکردنەوە فەلسەفیەکانی کامۆی لە خۆ گرتووە دەربارەی بوونگەرایی و پووچگەرایی.ئەم کۆمەڵە کورتە چیرۆکە شەش چیرۆکی لە خۆگرتووە:
( ئافرەتێکی داوێن پیس – The Adulterous Woman، ناپاك – The Renegade، پیاوە بێدەنگەکان – The Silent Men، میوانەکە – The Guest، هونەرمەندەکە لەکاتی ئیشدا – The Artist at Work، بەردە گەورەکە – The Growing Stone).

C- دەقی شانۆیی:

( کالیگولا – Caligula، بەدحاڵی بوون – The Misunderstanding، ئابڵووقەدان – The State of Siege ، تەنها یەك کەس – The Just Assassins ، ڕوحی شەیتانی – The Possessed )

-ئەفسانەی سیزیف The Myth of Sisyphus:

بریتیە لە وتارێکی فەلسەفی، کە لە (١٢٠) لاپەڕە پێکدێت و بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٤٢) دا بڵاوکرایەوە.لەم وتارەدا ئەلبێر کامۆ فەلسەفەی پوچگەرایی خۆی دەناسێنێت:گەڕانی بێ هودەی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی مانا،ڕێکەوتن و بەرچاو ڕوونی بەرامبەر خودا و بەها نەمرەکان. ئایا دوای درککردن بەم ڕاستیە دەبێت مرۆڤ خۆی بکوژێت؟ کامۆ وەڵامدەداتەوە: نەخێر،خۆکوشتن چارەسەر نییە.سیزیف کە لە ئەفسانەیەکی یۆنانییەوە وەرگیراوە بەردەوام و بۆ هەمیشە هەمانکار دووبارەدەکاتەوە، ئەویش بریتیە لە هەڵگرتنی تاوێرێك (بەردێکی گەورە) بۆ سەر شاخێك،کاتێك نزیکدەبێتەوە لە لەلوتکە بەوهیوایەی تاوێرەکە دابنێت و سەری بخات ، تاوێرەکە خلۆر دەبێتەوە بۆ خوارەوەی چیاکە.بەمشێوەیە سیزیف بەردەوام دەبێت لەم کارە بەوهیوایەی بتوانێت تاوێرەکە سەربخات بۆ سەر شاخەکە، بەڵام هەمیشە تاوێرەکە خلۆر دەبێتەوە بۆ خوارەوە و سیزیف دووبارە و سەدبارە ئەم کارە بەبێهودە ئەنجامدەداتەوە، بە بێئەوەی ئامانجەکەی بێتەدی.کامۆ پێمان دەڵێت ئەم ململانێیە بەسە بۆ ئەوەی دڵی مرۆڤ پڕبێت لە ژیان، چونکە سیزیف لەئەنجامدانی کارەکەیدا بەختەوەر بووە.

-یاخی The Rebel:

شیکاریەکی فەلسەفیە بۆ تێگەیشتن لە شۆڕش و یاخی بوون،هاوکات کامۆ ڕەتکردنەوەی خۆی بۆ بیری کۆمۆنیزم دەردەبڕێت، بەهۆیەوە زۆرێك لە هاوڕێکانی لێی نیگەران بوون و سارتەریش بە یەکجاری پەیوەندی لەگەڵدا کۆتایی هێنا.

**سەرچاوە:** www.answers.com